# ئەنفال

سمکۆ عەبدولکەریم

ئەنفال ئەو پرۆسە بەدناوە بوو کە تا ئێستا نەمانتوانیوە لە ئاست ئەو کارەساتە جەرگبڕەدابین ، نە شاعیر توانیویەتی لە دەقە شیعرییەکەیدا بگاتە گورەیی ئەو مەرگەساتە ، نە نووسەران لە شوێنی خۆیانەوە ئەو بایەخەیان پێداوە ، حەمالیقەکانی ئەدەبی کوردی زیاتر لە دەساڵ خەریکی ئەوە بوون بۆ ئەوەی بزانن ناوی راستەقینەی (نالی) چییە ، (نالی)یە یان (ناڵی) ، بەلاّم تا ئێستا ئامادە نەبوونە دووقسەی جدی لە سەر مەرگەساتی ئەنفال بکەن ، سەدان هونەرمەندمان هەن ، کەچی تا ئێستا بە جدی بیریان لەوە نەکردۆتەوە بەرهەمێکی هونەری لە سەر ئاستی دونیا لە سەر ئەنفال بەرهەم بێنن

ئەوە جگە لەو چەندین سەنتەرو رێکخراوانەی کە بەناوی ئەنفالەوە دروستکراون ، بەلاّم تا هەنوکەش بەردێکیان بۆلەسەر بەردێك دانەناون ، تەنیا ئەوەندە نەبێ لە ورزی ئەنفالدا وەبیریان دێنەوەو ژمارەیەکی دیکەی گۆڤارەکەیان تایبەت بە ئەنفال دەردەکەن و چەند دروشمێکی بریقەدار بە دیوارەکاندا هەڵدەواسن و چەند رۆشنبیرێکیش بە دەوری مێزە بازنەیەکاندا دادەنیشن ، لە سەر شاشەی تەلەفزیونەکان بەدەر دەکەون ، ئیتر هەیانە بەشان و باڵی حکومەتی کوردیدا هەڵدەڵێ ، و هەشیانە دەسەلاّتداری کوردی بە هۆکارو هاوبەشی ئەو کارەساتە دەزانێ ، بە هەرحال ئێمە هەمومان سەرقاڵی شتە رووکەشەکانین ، نوسەرێکی کورد ئامادەیە هەموو دونیا وێکبێنێتەوە لەسەر ئالاّی عیراق ، بەلاّم چاوی ئەو خێزان و مناڵە چاوگەشانە نابینێ کە لەچ کۆلەمەرگییەکدا دەژین و مێژوویەك لە چاوانیاندا دەبینرێ ،

من نازانم ئەو وتارە سۆزدارانەی نوسەرانی ئێمە خۆیان پێوە بادەدەن چ دادێکی ئەو خیزانە کۆست کەوتوانە دەدا ، لە ماوەی حەڤدەساڵی رابردوودا ئەوەی بەکردەوە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کرابێ ، تەنیا ئەوەندەیە کە لەبەشێکی لەتی کوردستان موچەیەکیان بۆ دابینکراوە ، کە ئەمەش ئاوڕلێدانەوەیەکی زۆر سەرەتاییە ، رەنگە ئێستا ئەگەر دەرگای ئەوە بکەیتەوە و بڵێی بۆچی یادکردنەوەی ئەنفال لە لەتێکی کوردستان گەرموگوڕتر بوو لە لەتەکەی تر ، یان بۆچی هەردووسایتی (kurdistanpost) و (kurdistannet ) کە رۆژانە چەندین بابەتی بێناوەڕۆك بلاّودەکەنەوە ،

کەچی لە یادی حەڤدەمین ساڵوەگەڕی کارەساتی ئەنفالدا ، ئەوها بەو ساردوسڕیە ئاوڕیان لەو کارەساتە دایەوە ، ئەوە حەفت شەو و حەوت رۆژ نایبڕنەوە ، ئەوەی من ئاگام لێبێ تەنیا سایتی رۆژنامەی ئەلکترۆنی (دەنگەکان) و رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە بەرامبەر گەورەیی ئەو کارەساتە سەریان دانەواند و ئەو رۆژەیان تایبەتکرد .